**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عیراق**

پشت بە حوکمی بڕگە(1)لە ماددەی (56) لە یاسای ژمارە (1) ی ساڵی (1992) ی هەموارکراو و لەسەر داوای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ـ عیراق، ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان – عیراق لە دانیشتنی ژمارە (18)ی ڕۆژی (2007/10/31) یدا بڕیاری دەرچواندنی ئەم یاسایەی دا:

## یاسای ژمارە( 28 )ی ساڵی / 2007
## یاسای جێبەجێ کردنی یاسای کۆمپانیاکانی (فیدراڵی) ژمارە(21)ی ساڵی 1997 لە هەرێمی کوردستان ـ عیراق

**ماددەی یەکەم:**

یاسای کۆمپانیاکانی عیراقی ژمارە(21)ی ساڵی 1997ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان جێبەجێ دەکرێ و کار بە حوکمەکانی دەکرێ تاکو یاسایەکی تایبەت بە کۆمپانیاکان لە هەرێمدا دەردەچوێنرێ.

**ماددەی دووەم:**

دەستەڵاتەکان ولایەنە فەرمیەکان لە هەرێمدا جێی دەستەڵاتەکان و لایەنە فەرمیە فیدراڵییەکان دەگرنەوە لەهەر شوێنێك ناویان لە یاسای ژمارە (21)ی ساڵی 1997دا هاتبێ.

**ماددەی سێیەم:**

ئەو ڕێکارانەی کە لەلایەن وەزارەتی دارایی و ئابووری و وەزارەتی بازرگانی لە هەرێمی کوردستان بۆ جێبەجێ کردنی ئەم یاسایەی سەرەوە بڕیاریان لەسەر داوە بەر لە دەرچوونی ئەم یاسایە بە ئوسووڵی و بەرکار دادەنرێن.

**ماددەی چوارەم:**

وەزیرەکانی دارایی و ئابووری و بازرگانی بۆیان هەیە ڕێنمایی هاوبەش بۆ جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربچوێنن.

**ماددەی پێنجەم:**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی شەشەم:**

کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یا بڕیارێك ناکرێ، گەر لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك بێ.

**ماددەی حەوتەم:**

ئەم یاسایە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێ و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی کوردستان) دا بڵاودەکرێتەوە.

**عدنان موفتی**

**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**

**کوردستان ـ عیراق**

**- هۆیە پێویستییەکانی دەرچوونی ئەم یاسایە -**

لەبەر نەبوونی یاسایەکی تایبەت بە کۆمپانیاکان لە هەرێمی کوردستانداو لەبەر ئەوەی بڕیاری ژمارە(11)ی ساڵی 1992ی پەرلەمان کارکردنی بەو یاسایانە قەدەغە کردووە کە پاش کێشانەوەی ((ئیدارات)) لە 1991/10/23 لەلایەن دەسەڵاتی ناوەندییەوە دەرچوون، مەگەر دوای شەرعییەت پێدان بەکار پێکردنی بێ لە هەرێم لەلایەن پەرلەمانەوەو، لەبەر پێویستی هەرێم بە یاسای ناوبراو تا کاتی دەرچوواندنی یاسایەکی تایبەت بە کۆمپانیاکان لە هەرێمدا، ئەم یاسایە دەرچوێندرا.

---

**تێبینی: ئەم یاسایە بەبڕیاری ژمارە (35) لەساڵی 2007 لەلایەن بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە دەرچوێنرا**